# با تابۆی سێکس بشکێنین



**بەشی دووەم**

**و/ ڕێوان**

### قۆناغی کۆمی لەتەمەنی یەک ساڵ نیووە هەتاکو سێ ساڵان

لەم قۆناغەدا، شوێنو جێگای کامیابی (کەیف کردن) رکتۆمو کۆمیەو کەیفکردن لەئەوەی کە پیسایی لەنێو جەستەدا هەیە دەرکردنی ئەو پیسایە لەجەستەدا. لەم قۆناغەدا منداڵ بەڕادەی پێویست توانا ڕاگرتنی "ئەسفیکتێری" هەیەو دەتوانێت لەڕاگرتن یان لەدەرکردنی پیسایی لەجەستەیدا، کەیف بکات.

ئەم مەسەلەیە، لەیەکەمین شتگەلێکە کە منداڵ ئەخاتە ناکۆکیەوە لەگەڵ کۆمەڵگا.

ئەو پێی خۆشە، لەهەر کاتو ساتێکدا کە حەزی لێ بێتو کەیفی پێ بکات پیسایەکەی بکات، بەڵام دایکو باوك یان گەورەکان هەوڵ دەدەن کە ئەو لەکاتو ساتێکی دیاری کراودا پیسایەکەی بکات، لەزەینی منداڵدا ئەو فیکرە وێنا دەبێت کە عەشقی دایکو باوکیش بەبێ مەرج نیەو بەستراوەتەوە بەئەوەوە کە ئەو چلۆن هەڵسوکەوت بکات.

جیاوازی سەرەکی لەنێوان قۆناغی دەمو کۆمی دا ئەوەیە کە لەقۆناغی کۆمی دا، منداڵ ئەو شتە سەرەکیە کە کەیفی پێ دەکات لەجەستەی خۆیدا بەرهەمی دێنێتو ئەو پیسایەی ئەو بەرهەم گەلێکن کە لەوجودی خۆیدا دەری دەکات، داخوازی باوکو دایك ئەوەیە کە منداڵ بە ئەو شێوەی کە ئەوان ئەیان هەوێتو دیاری دەکەن، کە چۆن منداڵ پیسایەکەی بکات کە بایەخی پیسای کردنەکەی خۆی لەلای دایکو باب تێ دەکاتو کردەوەی گونجاوە بەداخوازیەکەی ئەوان، بۆ ئەو وەك ئەوە وایە کە هەدیەیەکیان پێشکەش بکات. لێرەدا شاهێدی ئالۆگۆڕی دیالکتێك ین لەنێوان دایکو باوکو منداڵ دا ئەو شەکو گۆمانەی کە لەئارەزووی دایکو بابدایە لەسەر بنەمای دوو جۆر لەهەست یان دوو چەشنە هەڵسوکەوت ئەوانە وەك یەك لەخاڵە سەرەکیەکان پێکدێنێت.

ئەوەی کە گرنگە دایکو باوك لەم ڕێگای ئالوگۆڕە، دیسانەوە قۆناغی کۆمی خۆیان ئەزمون دەکەن، یان بەواتایەکی دیکە پەیوەندی ئەوان بەنیسبەت ئەم قۆناغانەی منداڵەوە، نیشانێك لەقۆناغی کۆمی خۆیان، منداڵ بەدوای دەرکردنی پیسایەکەیدا، سیمایەکی غرور ئامێز دەگرێتە خۆیەوەو کەیفکردنێکی پێوەدیارە، قۆناغی کۆمی بۆ منداڵ یەك مانای هەیە ئەویش ئەوەیە کە لەمە بەدواوە دەسەڵاتو ئیمتیازێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەو بۆنەوە کە لەپیسای کردنەکەیدا سەربەخۆی تەواو هەیە، پێشکەوتن یەك لەخاڵە سەرەکیەکانی قۆناغی کۆمیە.

لەوانیە هەر بەم هۆیەوە بێت کە ئەم قۆناغە لەژیانی پیاواندا بایەخێکی زۆرتری هەیە، قۆناغی کۆمیش بۆ خۆی گومانە لەنێوان توڕەیی‌و میهرەبانیدا، هەروەك چۆن تفو قەیکردنەوەی پیشاندەری حاشاکردنو رقو توڕەییە، پیساییش وەها ئەنجامێکی لێ ئەکەوێتەوە، کە وابوو پیساییش ئەبێت بەشتێکی پیس، وردبوونەوە لەمنداڵ دەریخات کە لەسەرەتاوە پیسایان پێ شتێکی پیسو قێزەون نیە، ناکۆکیەکان لەقۆناغی کۆمیدا جارو بار بەشێوەی سکچوونو یان بەستنو وستانی سك خۆی دەردەخات.

زۆرجار کارنەکردەی میعدە ریشەی سایکۆلۆژی هەیە، گرنگی بە ئەم خاڵە بایەخی خۆی هەیە کە تاکەکان زۆر جار لەکاتی سەفەردا یان دورکەوتنە لەوڵات زۆرجار دەبێتە هۆی سکچوون یان بەپێچەوانە.

جۆری هەڵسوکەوتی دایکو باوك لەگەڵ کردنی پیسایی منداڵ، سەقامگیربوون بەدووشێوە خۆی دەردەخات، ئەگەر باوکو دایك لەمنداڵ بگەڕێن کە چۆنی پێ خۆش بو پیسایەکەی بکاتو ئیزنی ئەوەی دەنێ کە گوێی نەدات بەدابو نەریتەکانی کۆمەڵگا، سەقامگیربوون بەشێوەی ڕووبەدەرەوە ئەنجام دەگرێت. ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەم جۆرە لەسەقامگیرین یەکجار شلو شپرزەن، لەگەڵ ڕێكوپێکی‌و ڕێکخستندا گرفتیان هەیەو بایەخ بەشت نادەنو ڕوو هەڵبراون. ئەگەر باوکو دایك بۆ بەرگری کردن لەپیسایی کردنی منداڵ توندوتیژی بنوێنن منداڵ لەو کاتەدا ریخۆڵەی تووشی تەکانو شەکان دەبێتو هەوڵ دەدات کە ئەو جموجوڵانە بەربەست بکات.

بەم شێوەیە سەقامگیری بەشێوەی کەسایەتی ڕاگر ئەنجام دەدرێت، ئەو کەسانەی کە خاوەنی وەها کەسایەتیەکن، تاڕادەیەکی زۆر پاکو خاوێننو تەحەمولی شلو شپرزەی ناکەن. هەروەها ئەم کەسانە دەتوانن زۆر وردبیننو وەسواسو رکنو تەماعکار بن.

### قۆناغی نێرینەی

### (تەمەنی سێ تا پێنج ساڵان

شوێنی کامیابی و کەیف بردن لەم قۆناغەدا شەرم گایە (گون لە کوڕاندا و کلیتۆریس لە کچاندا). لە نیشانەکانی ئەم قۆناغە چ لە کچاندا و چ لە کوڕاندا دەست هێنان بە شەرم گادا و نەوازش کردنی ئالاتی سێکسە. قۆناغی نێرینەی، پڕ کێشەترین قۆناغی گەشە کردنی ڕەوان و سێکسە. قۆناغی نێرینەیی لەگەڵ ئەو مەیلە سێکسانەی کە لە کەسایەتی باڵغدا بوونی هەیە، بە تەواوەتی جیاوازە، دیاردەی سەرەکی لەم قۆناغەدا شتێك پێکی دەهێنێت کە نێوی "رەگەزە". لە سایکۆلۆژیادا زەکەر بە مانای ئالەتی سێکسی پیاو نیە، بەڵکو بە مانایەکی جوانو پڕ ناوەرۆکی هەیە کە بە بەشە سێکسەکانەوە پەیوەندێکی راستەوخۆی نیە.

زەکەر شتێکە کە پەیوەندی زمانی قسەکردنی ئینسانەوە هەر بۆیە لەوانیە لەم ڕووەوە بێت کە بە وشەی زکر، بە مانای وەبیر خستنەوە و بیرهێنانەوە لە یەك ریشەن.

لەم قۆناغەدا بۆ یەکەمین جار قۆناغی دابەش بوون"، باوك _ دایك_منداڵ، لە زەینی منداڵدا شکڵ دەگرێت. ئەم ڕووداوە وەکو پرسیارێکی گرنگ لە لای منداڵ و لە زەیندا دێتە ئاراوە کە: من لە کوێوە هاتووم؟

تا پێش لە قۆناغی نێرینەی تەسەوری منداڵ ئەوەیە کە بۆ خۆی بە تەنیا خۆشەویستی دایکەو، دایك جگە لە ئەو پەیوەندی بە کەسی دیکەوە نیە. ئاگادار بوون لە ئەوەی کە خۆشەویستی دایك پێڕەوی کەسێکی دیکەیە بە ناوی باوك، لەو جیهانی تێکەڵ و پێکەڵی ئەواندا ناکۆکی دروست دەکات. بوونی باوك ئەو حوکمەی هەیە بۆ منداڵ کە ئەو لە دایك بێ بەش دەکات و ئەوەڵین کۆڵەکەکانی یاسای قەدەغە کردنی "زنا لە گەڵ مەحارم"دا لە زەینی منداڵ دا وێنا دەبێت. قەدەغە کردنی شەریك بوون لە جەستەی دایك لە پەیوەندی تێکەڵی دایك و منداڵدا، ئاکامی دیکەشی بە دواوەیە. منداڵ شەریك بوون لە جەستەی خۆی دا قەدەغە دەکات و ئەکەوێتە ناکۆکیەوە لە گەڵ ئەو مەیل و حەزەی کە دەرکردنی شەهوەت یا مەنی لە جەستەی خۆی دا (منداڵ).

---

# بوونـەوەری مرۆڤـی توانـاکـانی خـۆی لـە دوو زۆنگـەدا بەرجـەستـە ئەکات

**شەماڵ باخچەیی**

یەکێکیان توانا جەستەیی و فیزیکاڵیەکانیەتی، کە هەر لەسەرەتای پێکهاتنییەوە ڕوو لەگەشەیە و دەرەنجامەکانی لە بەرچاون و ئاسان درکیان پێئەکرێت و هەڵئەسەنگێنرێن، کە هیچ یەک لەو دەرەنجامە فیزیکاڵیانە بەبێ پەیوەستی میکانیزمی کارفەرمایی مێشک و جەستە نایەتەکایە.

دووەمیشیان توانا هزریەکانی بوونەوەری مرۆڤە، کە مۆڵگەی دەستەڵات و فەرمانی دابەشکردنی وزەیە لە جەستەدا و دواجاریش پێگەی گەشە و بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنە، کە ئەویش بەجۆرێک پەیوەستە بە جەستەیەکی ئاڕاستە و تەندروست بۆ ڕەخساندنی میکانیزمی بەکارهێنان و خستنەڕووی هزرانیەتی بونەوەری مرۆڤییە.

هەڵکەوتی بونەوەری مرۆڤ لە دوو ڕەگەزی مێ و نێردا بۆخۆی دەربڕینی جۆرێک لە جیاوازبوونی مرۆڤەکانە لە یەکتری. لێکەوتنەوە و بەرهەمهێنەری جۆرێکی دی لە جەستە بە ڕەنگ و قەوارە جیاوازەکانی مرۆڤ لە ژینگە جیاوازەکانی ناو گێتیدا دەربڕی یەکسانیەکی نایەکسان و ڕەنگاوڕەنگی بوونەوەری مرۆڤە، کە تەنیا ڕووخساریان جیاواز نییە، بەڵکو فۆنۆتیکی ئاخاوتن و کار و هەڵکردن و بیرکردنەوە و تێگەشتنیشیان جیاوازە و ئەمەش پێکهێنەری پەیوەستی کۆمەڵ و نەتەوە و گەل و وڵات و ببڕا کیشوەری لێدەکەوێتەوە.

جیاکردنەوەی مرۆڤایەتی بەو پێناسەیەی سەرەوە لەوانەیە جۆرێک بەتێپەڕبوون بەسەر ئاڕاستەی خێراو خۆلەکۆڵکردنەوە مرۆڤایەتی بێت بۆ جۆرێک بە لەیەکترتێگەشتنی گەلان و وڵاتانی جیاجیا بەرامبەر بە یەکتر. بەڵام کاتێک تەماشای جیاوازییە هزریەکانی هەرتاکێکی ناو خێزان و نەتەوە و گەل و وڵات و جیهانیش دەکەین، ئەوجا بۆمان دەردەکەوێت، کە جیاوازیەکان زۆر لەوە زیاترن، لەوەی ئێمە لە دوو کۆی ئەو دەستەواژانەدا کۆیان دەکەینەوە.

بونەوەری مرۆڤی خاوەن هزر، بونەوەرێکی بەرچەڵەک چالاک و بەرهەمهێنەرەو بەردەوامیشی نیشانەکەیەتی. کەواتە هەڵسەنگاندنی جەستەیی مرۆڤ بە پێوانەکردنی، پێوانەی وزەیی دەرخەری ئاستی هەرتاکێک ئەبێت بەڵام هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی توانا هزری و هۆشمەندیەکانی مرۆڤ زۆرجار لە قەوارەی توانا بەرجەستەییەکانی دەربڕ و پێوانەکراو نییە، هەر بۆیەش میکانیزمی گەشەی کەسایەتی تاکی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە هەڵکەوت و ڕەخسێنەری لە شانسی بیرکردنەوەو بەکارهێنانی هزریانەی لە مۆڵگەیەکی ئازاد و سەربەستدا.

زۆرجار تاک وەکو پێویست لەبەرچاو ناگیرێت و ڕەوتێکی ڕەخساوی مرۆڤی زاڵ دەبێت بە سەر جەستە و توانا هزرانیەکانی تاکەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگادا، بەمەش تاکەکان لە بەکارهێنانی شیاوی هزرانیەتی خۆیان بێ بەش دەکرێن و کۆمەڵگا بەرەو ئاقاری پەیوەست نەریتیدا سەپاوی پەسەند تاکێکی بەهێز بە سەر کۆی خێزان و گروپ و ئیلێک و نەتەوە و دواجار بە شێکی زۆر لە مرۆڤایەتیشدا ئەبات.

ڕێگانەدان بە سەربەستی بیروڕای بوونەوەری مرۆڤی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری و هۆشمەندی، مرۆڤایەتی بێ بەردەکات لە ئازادی و گەشە وبەردەوامیەکی ئاسودە و تەندروست. بە گیرۆدەکردنی هەر تاکێکی بونەوەری مرۆڤایەتی بەهەر چەمکێکی ئایدیۆلۆژی نەتەوایەتی یان ئایینی یان ڕامیاری و فەلسەفییەوە، ئەو تاکە ناچالاک و ناووشیار و کەمزان بارئەهێنرێت و میکانیزمی بەرەنگاری هۆشمەندی هزری لاواز دەبێت.

بەمەش مرۆڤایەتی بەرهەمهێنەر و بەردەوام پێدەری جۆرێک لە کاڵای جەستەیی مرۆڤە دەستەمۆکان ئەبێت بۆ بە سەربردنێکی ژینگەیی لە بەدیهاتنەوە بەرەو نەمان.

چەمکی بیردۆزی عەقڵانیەتی باڵادەستی زۆرجار بەرەوهەڵدێربردنی بونەوەری مرۆڤی بوە لەژێر دروشمی بەرەو عەقڵانییەت، کە تاکی باڵادەست هەڵگری هزرانییەتێکی تاکڕەوانەبووە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو ناچالاکی هزری تاکەکانی دیکەی ناوکۆمەڵگا بردووە، کە ئەمەش جۆرێکی دیکە لە جیاتی بیرکردنەوەی تاکێک بۆ تاکەکانی دیکەیەو ڕەخسێنەری باڵا دەستایەتی بێ سنورە.

کەسایەتی تاک ئاماژەیەکی ڕەوای بوونەوەرێکی مرۆڤییە بۆ دەربڕین و گەشەکردن بەرەو هۆشمەندییەکی ڕەها و تەندروست بە بێ پۆلینکردن و زەوت کردنی مافی ڕەهایی و سەرئەفرازی هزری و جەستەیی بەرامبەرەکانی دیکەی بوونەوەری مرۆڤی یان هەر بونەوەرێکی دیکە.....